### گوتەبێژی فەرمی لیستی هاوپەیمانی کوردستان:

# گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی دەمێکە خەریکی پلاندانانن دژی هاوپەیمانی کوردستان بەشێوەیەکی نادروست

**هاوولاتیانی کوردستانی خۆشەویست:**

وریاو بەئاگابن لەو شێوازە نادروست و چەواشەکاریانەی هەریەکە لە لیستی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی کە گرتوویانە بەر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن!!

هاوولاتیانی کوردستان ئەو کاتانەتان لەیادە کە چۆن ڕەنگرێژی دروستبوونی هاوپەیمانی کوردستان دەکرا بۆ بەدەستهێنانی سیستەمێکی دیموکراتی کاریگەر لەهەرێمی کوردستان و هەوڵە دڵسۆزو بێ وێنەکان بۆ دروستکردنی ئێراقێکی فیدراڵ، ئەمە نە بێتە منەت و زیادەڕۆیی بەسەر هیچ کەس و لایەنێکدا، بەڵام بڕوامان بە بیروباوەڕی دیموکراتی هەیە کە چ وەک پرۆگرام یان ئامانج بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی.

ئێمە چاوەڕوانیمان هەبوو لەهێزە کوردستانیەکان و نیشتمانیەکانی تر کە ڕکابەریان هەڵبژارد لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی لەجیاتی هاوپەیمانیەتی، کەواتەو پەند لەمێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێراق و کوردستان وەربگرن بۆ ئەوەی بەڕاستە ڕێی دەستووری و یاساییدا ڕێیکەن بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن دروست بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکە بەپێی ڕێوشوێنەکانی و ڕێنماییەکان و ئامانجەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە دووربێت لەهەموو شێوازەکانی فرو فێڵ و تەمومژاوی کردن. هەروەها دووربێت لەهەموو کەموکوڕی و شووربیەکانی (عەیبەکانی) لیستی حەدباو لیستەکانی دیکە کە تا ئێستاش بە عەقڵیەتی بەعسی لەناوچوو بیردەکەنەوەو دەجولێنەوە، بەهۆو بەبێ هۆ هەوڵدەدەن بەسەر کێشەی ڕەوایی کوردو کوردستان سەرکەون و تانە لەمتمانەو راستی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بدەن. دەبێ باش بزانن ئەو متمانەیە کە بەخوێنی هەزاران لەهەشیدەکانیان بەدەستهاتووە، بەڵام بەداخەوە وا دیارە هەریەکە لەسەرکردایەتی لیستی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستان دەمێکە خەریکی پلاندانان لەدژی هاوپەیمانی کوردستان بەشێوەیەکی نادروست و بەردەوام و بە بەرنامە کە ئامانجیان لێی ناوزڕاندن و ناشیرین کردنی ناوی هاوپەیمانی کوردستانیە. هەروەک لەهەڵبژاردنی 2009/7/25ی رابردوودا بەیەکەوە پلانیان داناو ئەو ڕێگایانەیان گرتە بەر لەدژی هاوپەیمانی کوردستانی لەوانە:

1- هەماهەنگی کردن بۆ دروستکردنی دوو دڵی و ڕاڕایی لەنێو هاوولاتیانی کوردستان لەسەر هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی گشتی.
2- زۆرترین سکالای بێ بنەمایان تۆمارکرد.
3- تانەدانی پێشەکی لەئەنجامی هەڵبژاردن.
4- زۆرترین ژمارەی بیاناتی ناو زڕاندن دەرکرد.

بۆیە داوا لەهاوولاتیانی کوردستانی خۆشەویستت دەکەین کە زۆر بە وریایی و وشیارانە بڕواننە شێوازە فرو فێلاوییەکانی هەڵەتی هەڵبژاردن، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش ئەمانەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

1- لەهەڵبژاردنی 7/25 هەریەکە لە لیستی گۆڕان و لیستی یەکگرتوو زیاتر لەدوو سەد سکاڵایان لەدژی لیستی کوردستانی تۆمار کرد، دوای لێکۆڵینەوە لەلایەن بەشی یاسای کۆمیسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (کە هەموو یاساییەکان لەبرایانی عەرەب بوو) لە 99% سکاڵاکانیان ڕەتکرانەوە. بەهۆکاری ئەوەی سکاڵاکانیان نادروست و ناڕەوابوون، تەنها گومان و هەڵبەستراوبوون.

2- پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی 7/25 هەردوو لیستی ناو هاتوو لەسەرەوە هەڵسان بەشێوەیەکی هەماهەنگی هەر وەکو ئێستایان بەگوماندانان لەسەر هەموو پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لەو تانەو گومانانە سەلامەت دەرنەچوو.

3- دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی 7/25 سزای مادی بە بڕی نزیکەی 29 ملیۆن دینار بەسەر لیستی گۆڕاندا سەپێنرا، کە ئەمەشی گەورەترین بڕە پارە بوو کە بەسەر لیستەکەیان سەپێنرا لەو هەڵبژاردنە.

4- هەر سندوقێکی دەنگدان ئەگەر هاتوو قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراو ڕێژەی 100% دەنگەکانی تیادا وەدەستهێنا، کە ئەمەش پێچەوانەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە بۆ هەڵبژاردنی کە دەبێ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ، وەکو زانراوە لیستی گۆڕن لەناوەندەکانی دەنگدان لەپارێزگای سلێمانی بەتەنیا زیاتر لە 200 سندوق ڕێژەی 100% دەنگەکانی هێناوە!! کە ئەم تێکڕایە لەسەرووی هەموو لیستەکانی دیکەی ئێراقیدا دێت.

5- لیستی حەدباش لەمووسڵ لەهەڵبژاردنەکانی 2009/1/31 هەڵسا بە ئەنجامدانی گەورەترین کرداری ساختەکاری لە مێژووی هەموو پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەئێراقدا هەتا کار بەوە گەیشت هێزە چەکدارەکان چوونە ناو ناوەندی ژماردن و لێکجیا کردنەوەی دەنگەکان و دواتر ڕاپۆتیان نووسی بە بەرچاوی شایەدەکان لەدژی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد. ئایا ئەوەی لەمووسڵ ڕوویدا لەساختەکاری و دەستکاری کردنی ئەنجامی هەڵبژاردن کە لیستی حەدباو نموونەیەکی زیندوو بەرچاوە بۆ لیستی گۆڕان کە خۆی دوور بگرێت لەو جۆرە شێوازانە لەدژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆیە داواکارین لەڕای گشتی کوردستان بەشێوەیەکی مەشروع و لۆژیکانە بڕوانە بابەتەکان و تکامان لەهەموو هاوولاتیانی ئێراق و هاوولاتیانی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی هەیە کە زۆر وشیاربن و بە ئەگابن لەو دەهول و کوت و زۆرنا ژەنە فێلاویانە کە لەخشتەتان نەبەن و داواکارین کە زۆر بە دڵسۆزیی و لێبڕاوانە کاربکەن بۆ سەربەخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی پاک و دادپەروەرانە.

**وتەبێژی فەرمی بەناوی هاوپەیمانی کوردستانی**
**2010/3/3**

## هەڵوێستتان لە خراپکارییەکانی کوردستانپۆست ڕوونبکەنەوە

**چاودێرێک**

لە ڕوونکردنەوەکانی ئەو کەسانەی لە سایتی خراپکاری کوردستانپۆست کاریانکردبوو، دەریدەخەن بەداخەوە چەندە بە نابەرپرسانە و دوورکەوتنەوە لە ڕەوشتی بەرزی کوردەواری و ئەخلاقی بەرزی سەردەمی شۆڕشگێریی، دەسەڵات و سامانی کوردستان بۆ سوکایەتیکردن بە خەڵک قۆستراوەتەوە. لەو کارەشدا ناوی نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان و قادری حاجی عەلی هەڵسوڕاوی سەرکردایەتیی هەمان بزووتنەوە هاتووە. بەڵگەکانی ناو کوردستانپۆست کە بڵاوکراونەوە باسی دەستی ڕاستەوخۆی ئەو سەرکردانەی گۆڕان دەکەن کە ڕاستەوخۆ کاری سوکایەتیکردن و هۆنینەوەی بوختانیان بۆ ناحەزانی خۆیان لەناو بزووتنەوەی سیاسی و حکوومەتی کوردستان و هاوولاتیانیاندا سەرپەرشتی کردووە.

ئەوە کارێکی ترسناکی بێسابیقەیە و تا ئێستا شتی لەم چەشنە لە کوردستان نەبووە. بۆیە وادەخوازێ ئەو دوو سەرکردەیەی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوێستی خۆیان لەو بەڵگە و دانپێدانانانەی کارمەندانی کوردستانپۆست دیاریبکەن و بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونی بکەنەوە دەستیان هەبووە یان نا؟ چونکە ئەوەی بڵاوکراوەتەوە کاردەکاتە سەر متمانە لە هاوکاری و باوەڕپێکردنی هاوولاتییان بە بیروڕا و بەرنامەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە پرۆسەی سیاسی و کارگێری لە ئێستا و ئایندەی کوردستان و عێراقدا. خۆ ئەگەر بۆ هاوولاتییان تێوەگلانی خۆیان بە بوون و نەبوونی تێوەگلانیان ڕوون نەکەنەوە ئیتر ناچار دەبین حسابیان لەگەڵ ئەو خراپکاری و سوکایەتییە بۆبکەین کە بە دانیشتوانی وڵاتەکەمان لەلایەن سایتی ناوبراوەوە کراوە چونکە کارەکە بە ڕادەیەک قێزەوەنە مناقەشە هەڵناگرێ تەنیا ئەو هەڵوێستە نەبێ کە بە شایانی وەڵامدانەوە دانەندرێ.

پەرەسەندن و پێشکەوتنی تکنۆلۆژیای گەیاندن و ڕاگەیاندن ئەگەر بە چەشنێکی ئاسایی و مەنتقی بەکار بێت ئەوە ڕەوشت و ئەخلاقی بەرزی دیالۆگ و لێکحاڵیبوون و لێکجیاواز بوون ئاسانتر و سەردەمییانەتر دەکات. ئەوەی جێی داخە لە چەند ساڵی ڕابردوو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەو ناوەندانەی باسیان دەکرێ کردەوەکە بەپێچەوانەوە بووە. ئەوەش بووە مایەی ڕووشاندن و ئازاردانی ویژدانی میللەتەکەمان و بڵاوکردنەوەی پەتای لادان لە بنەما ئەخلاقییەکانی سیاسەت و کارکردن.

ئەو کەسانەی بۆ لێدانی نەیارە سیاسییەکانیان پەنایانبردۆتە بەر ئەو شێوازە ململانێ ترسناکە و هەموو میللەتیان هانداوە تا یەکتری ڕیسوا بکەن و سەرەنجام کەس بە پاکی نەمێنێتەوە و لە ئاکامیشدا میللەت خۆی بە بێبەها و بێ ڕەگ و ڕیشەی شانازی و بێمتمانە کردن بە خۆی و بە هاوولاتیانی و بە حکوومەت و بە ئازادی و سەربەستییەکەی و بە سەرکردە سیاسی و ئیدارییەکانی بزانێ، ئەو کارە تاوانە نەک سیاسەت، لاساییکردنەوەی سیاسەتی داگیرکەرە ئەنفالچییەکانە کە دوای کوشتار ئینجا دەیانویست بێبەهایی لە ناخی میللەتە قوربانیدەرەکەمان بچێنن. جا دەرسێکی گەورە و زیندوی مێژوویمان هەیە و دیتمان چارەنووس و ئەنجامی ئەوان بەکوێ گەیشت و میللەتی کورد چۆن لە کاتی پێویستی خۆیدا دەریانکردن و سەرەنجام بە دادگای تاریخ گەیشتن.

ئەو کەسانەی دەستیاندەڕوات بوختان و سوکایەتی و فیتنەیی بە منەززەمی لەناو میللەت بڵاوبکەنەوە، دەبێ چ متمانەیەکیان پێبکرێ و خەڵک چۆن باوەڕ بە بەرنامەکەیان بکات و چۆن دەکرێ باوەڕ بە وەعد و بەڵێنی ئایندەیان بکات؟!.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاندووە هەر نیازێک لە پشتەوەی ئەو کردەوە نامرۆڤایەتییە بێت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەخشەی تێکدەر انەی دوژمنانی گەلەکەمان یەکدەگرێتەوە و سەرەنجام ئاشکرا دەبن و شەرمەزاری گەلەکەیان دەبن. بەو هیوایەی ئەوەی ڕوویداوە ببێتە دەرس بۆ ئەوانەی لە پشتەوەی فیتنەکاندابوونە و هەروەها بۆ ئەوانەش کە جیاوازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری .. لەگەڵ یەکدی هەیە و بزانن دەکرێ بیروڕا و بەرژەوەندی جیاواز هەبێ، بەڵام بەرژەوەندی باڵای میللەت و ئەخلاقە بەرزەکەیان لەبەرچاوان ون نەکەن. میللەتی کورد بە خۆڕاگری و ئەخلاقی بەرز و ڕاستگۆیی و فیداکارییەوە ناسراوەو هەر ئەوەش لە ئەنفال و تواندنەوە ڕزگاری کرد.

### د. عیسمەت محەمەد خالید سەرۆکی زانکۆی دهۆک:

# هەڵبژاردنەکانی 7ی ئاداری دادێت یەکێکە لە پڕۆژە دیموکراسییەکان و زانکۆی دهۆک بایەخێکی زۆری پێ داوە

هەڵبژاردن دەرفەتێکی مەزنە لە دەستی میللەتاندا، ئامانجێکیشە بۆ دیاریکردنی پاشە ڕۆژێکی گەش و بەشداری لە هەڵبژاردنیش ڕێگەیەکە بۆ فەراهەمکردنی ئازادی هەرمیللەتێک. میللەتی کوردیش مافی هەیە پرۆسەی دیموکراسی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بە ئاوات و پاشەڕۆژێکی درەوشاوە بگات. زانکۆش بەگشتی لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو دیموکراسی لە پڕۆسەی هەڵبژاردن ڕۆڵێکی ریگەریان هەیەو تۆ بڵێی زانکۆکانی کوردستان بەگشتی و زانکۆی دهۆک بەتایبەتی ئەم ڕۆڵە کاریگەرەی لە هەڵبژاردنەکاندا هەبێت، لەگەڵ چەند لایەنێکی پەیوەندار ئەو تەوەرانە بوون، کە لەگەڵ د. عیسمەت محەمەد خالید سەرۆکی زانکۆی دهۆک هێنامانە ورووژاندن و ئەمەی خوارەوەش پوختەیەکی بۆ چوونەکانیەتی:

**خەبات: شوان سەرابی**

### ڕۆڵێکی زانکۆی دهۆک لەسەرخستنی پڕۆژە دیموکراسییەکان

سەرەتا سەبارەت بە ڕۆڵی زانکۆی دهۆک لەسەر خستنی پڕۆژە دیموکراسیەکان بەگشتی و هەڵبژاردنی 7ی ئازاری دادێت د.عیسمەت محەمەد خالید سەرۆکی زانکۆی دهۆک گوتی: زانکۆی دهۆک ڕۆڵێکی مەزنی بۆ سەرخستنی هەموو پڕۆژە دیموکراسیەکان بەگشتی و هەڵبژاردنەکانی 7ی ئازاری دادێ بینیوە، چونکە ئەمەی دواییان یەکێکە لە پڕۆژە دیموکراسییەکان و یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی زانکۆ سەرخستنی ئەوە جۆرە پڕۆژانەیە، لەبەر ئەوە من هیوادارم لە هەموو مامۆستایان و کارمەندان و قوتابیان و قوتابیان و قوتابیانی دەرچووی زانکۆی دهۆک نەک هەر بەتەنیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی 7ی ئازاری دادێ بکەن، بەڵکو ڕۆڵی خۆیان لەناو کۆمەڵگەش ببینن، واتە وێڕای خۆیان هەموو کەسێک هانبدەن بۆ بەشداریکردن لەم هەڵکەوتە دیموکراسییەدا، چونکە دیموکراسیەت تاکە ڕێگەیەکە بۆ سەرکەوتنی میللەتان و میللەتی کوردیش شیاوی ئەوەیە، کە دەنگێکی بڵندی لەپەرلەمانی ئێراقی فیدراڵدا هەبێت بۆ هاتنەدی ئەم ئامانجەش پێویستە هەمووان بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن و بەشداری لەم پرۆسە دیموکراسییەدا بکەن.

### گرنگی هەڵبژاردن

بێگومان هەموو هەڵبژاردنێک گرنگی خۆی هەیەو سەبارەت بەگرنگی ئەم هەڵبژاردنە سەرۆکی زانکۆی دهۆک گوتی: گرنگییەکە لەوەدایە، کە میللەت بۆخۆی نوێنەرەکانی هەڵبژێرێت و لەپاشەڕۆژیشدا ئەوانیش بڕیار دەدەن، هەروەها گرنگییەکی دیکە لەوەدایە، کە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کوردستان بە گەورەترین دەستکەوت دەژمێردرێت کە ئەویش فەراهەمکردنی ئەوکەش و هەوادیموکراسییە بۆ ئەوەی خەڵک بە ئازادی بچێت دەنگ بدات، ئەوجا چ بە نەخێر یان بەڵێ، واتە ئەمە ئەو پەڕی دیموکراسییەتە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستانی فەراهەم کردووە، ئەگەر چی ڕەنگە کەموکوڕیش هەبێت، یان ناڵێم بۆ چوون و هەڵسوکەوتی هەڵە لە ئارادانییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە هەرێمی کوردستان دەنگ دەدات، زیاتر بەرەو دیموکراسیەت دەڕوات و ئازادی بیروباوەڕی تێدا هەیە. بەواتایەکی دیکە کاتێک حکوومەتێک بوار بۆ میللەت دەڕەخسێنێت بچێت دوا ڕۆژو چارەنووسی میللەتی خۆی داری بکات بەڕای من ئەوپەڕی پلەی دڵسۆزییەو لەوەش گرینگتر ئەوەیە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ببێتە نموونەیەک و لەو بڕوایەشدا نیم هیچ داوودەزگەیەکی هەڵسەنگاندن نییە بڵێت عەردەکی دیکە لە کوردستانی ئێراقی فیدراڵ باشتر هەیە بۆ دیموکراسیەت، یان بەڕێوەچوونی ئەم پڕۆسەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و سەرکەوتووانە. ئەمەش وا دەکات لەکۆتاییدا زۆر گەشبین بین بە دوا ڕۆژی کورد و کوردستان، چونکە هەرکەسێکی بەدواداچوونی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبێت دەبینێت، ئەگەر کێشەی ئاو، یان کارەبا هەبێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کێشەی دیموکراسییەت لە ئارادانییەو ئەمەش خاڵێکی دیکەی گرینگی حکوومەتی کوردستان، کەوامان لێدەکات زیاتر گەشبین بین بەدوا ڕۆژی میللەتەکەمان.

### بانگەشەی هەڵبژاردن

بانگەشەکانی هەڵبژاردن، کەلەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت وەک د. عیسمەت محەمەد خالید سەرۆکی زانکۆی دهۆک گوتی: هەنگاوی گەلێک خێرا لەپێناو پێشکەوتن نراوە، واتە پەیڕەوکردنی پڕۆسەی دیموکراسی کەلتوورە، واتە کاتی دەوێت تا خەڵکی فێر دەکەیت، بەس ئەگەر خۆمان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد بکەین لەو بڕوایە دامە، کە ئەگەر میللەتی کورد لەوان باشتر نەبێت کەمتر نییە، بەڵکو ئێمە باشترین، واتە باشترین لە تێگەیشتنی دیموکراسیدا، باشترین لە تێگەیشتنی دیموکراسیدا، باشترین لەپەیڕەوکردنی دیموکراسیەت و ناکۆکی و بەشداری لە بۆچوون و ئافرەتداو لە ئازادی بیروباوەڕدا لەو بڕوایەدامە، کەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی بێ هاوتایە، ڕەنگە وڵاتانی دەوروبەر ئەو شتەی لێنەبێت ئەمەش بۆ هەوڵ و کۆششەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە بەگوێرەی توانای هیچ درێغی نەکردووە لە نەک هەر پشتیوانیکردنی زانکۆ بەگشتی بەڵکو هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان و باشترکردنی ئەمەش وایکردووە هەمووچین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان جۆرە ئینتمایەکیان بۆ کوردستان هەبێت و حەز لەوە بکەن پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ کوردستان بهێننەدی و ئەمەش بە ئەنجامدانی چالاکی و جموجۆڵ دێتەدی لەپێناو سەرخستنی پڕۆسەکە بەبێ ئەوەی بڵێین کێ لەکێ باشترو مرۆڤی خوێندەوار دەزانێت، کە لەکاتی ئێستادا بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان سەبارەت بە هەرێمی کوردستان من فەرزی دەزانم، واتە هیچ پاساوێک بۆ بەشدارینەکردن نییە لە هەڵبژاردنەکانی 7ی ئازاری دادێت و پێویستە هەمووان بەشدارییکەن، چونکە سەنگ و پێگەی کوردی لە بەغدا پێ پتەوتر دەبێت و ئەو بڕیارو بڕگەو مادە هەڵپەسێردراوانە چارەسەر دەبێت و ئێراقیش پێی لە قۆناغێکی دیکە دەنێت و پاشە ڕۆژێکی ڕووناک چاوەڕوانمان دەکات.